## ئەنجامەکانی شیکردنەوەکە:

دەرکەوت دوای شیکردنـەوەی نـاوەرۆکـی بـەڵـێـنـامـەی شـەرەفـی نـاوبـراو کـەرەشـنـووسـەکـەی دانـراوە لـەلایـەن رێـکـخـراوە عێراقییەکانی راگەیاندنـەوە، کـەنـاسـراون لـەرێـگـای ئـیـشـکـردنـە نێودەوڵەتییەکانەوە، چەندەها رێکخراوی نێودەوڵەتی بەشـداریـان تێداکردووەو لەپێشەوەیانەوە (رێکخراوی یونسکۆ) و (فیدراڵیـەتـی نێودەوڵەتی بۆ رۆژنامەوانی) و (یەکێتی رۆژنامەوانـی عـەرەب) و (رێکخراوی ئەندکس) و (دەنگەکانی ئـازادی کـەنـەدی) ئـەوە رێـك دەکەون لەهەندێ خاڵی بنەڕەتی زۆر نزیکترن لەناوەرۆکەکان، کـە بەڵێنامە نێودەوڵەتییەکان جەختیان لەسـەرکـردوەتـەوەو نمـایـش کراوە بۆ هەندێ بەشە هاوبەشەکانیو دیارترینیان ئەم خاڵانـەیـە کە بەکورتی دێت:-

١-جـەخـت کـردن لـەسـەر ئـازادی رادەربـڕیـنو چـەنـدایـەتـیو رێزگرتنی رای بەرامبەر.

٢-مافی جەماوەر بۆ گەشتن بۆ زانیاریەکانی بەپشتگیری یاسا.

٣-لـەبـەرچـاوگـرتـنـی دادوەریو وردەکـاری و بـێـلایـەنـی لەجێبەجێکردنی کاری راگەیاندن.

٤-دەسکاری نەکردنـی ژیـانـی کـەسـایـەتـی تـاکـەکـانو رێـزگـرتـن لەتایبەتمەندیەکانیو پاراستنی منداڵان.

٥-نـاسـانـدنـی وەرگـر بـەسـروشـتـی بـابـەتـی راگـەیـانـدنـەکـەو



جیاکردنـەوەی لـەنـێـوانـیو نـێـوان راگـەیـانـدنـەکـانـی بـەهـەمـوو شێوەکانیەوە.

٦-نەگۆڕینی راکانو نوسراوەکانو بیرۆکەکانو رێزگرتن لەمـافـی بیرو رۆشنبیری.

٧-دوورکەوتـنـەوە لـەهـەڵـنـانو لـەتـونـدوتـیـژیو جـیـاکـردنـەوە بەهەموو شێوەکانیەوە.

٨-جەخت کردن لەسەر دەستپاکی قایـل نـەبـوون بـەوەرگـرتـنـی دیاریو بەرتیلو دوورخستـنـەوەی کـاری رۆژنـامـەوانـی پـاڵـنـەری کەسێتی بەهەموو شێوەکانیەوەو پاراستنی ئابڕووی پیشەکە.

٩-رێزگرتنی دەستوورو یاساکانو بەڵـێـنـامـە نـێـودەوڵـەتـیـەکـان کەتایبەتن بەئازادیەکانو مافەکانی مرۆڤ.

ئەوەی پێشەوە هاوبەشیەکی رێکەوتە لەسەر ناوەڕۆکەکەی پێك دەهێنێت لەنێو لایەنە پیشەکانی عێراقی بۆ گفتوگۆکـردنـی ئـەم بیرۆکانە لەسنوری رۆژنامەوانی بەرفراوان بەمەبەستی بڕیاردانـی بەڵێنامەی شەرەفی یەکگرتوو هیچی نەهێنـایـەدیو ئـەمـە رێـگـر نییە کەهەموو کۆمەڵێـك گـەلاڵـەنـامـەی رەفـتـاری زیـادەی هـەبـێ تایبەت بەخۆی بەهـاوشـانـی رۆژنـامـەو دەزگـاکـانـی راگـەیـانـدنـی گەورە لەجیهاندا، و لەوانەیە ئەژمارکردنی ئەم بەڵـێـنـامـە لـەنـاو یاسایەکی یەکگرتوو بۆ ئازادی رۆژنامەوانی کەهیـوایـە بـۆ دانـانـی رەشنووسەکەی بەگونجانو ئەو دەست نیشانانەی کە لـەدەسـتـوردا هاتووە زیادکردنێکی راستیو یاسایی لەسـەر ئـەم بـەڵـێـنـامـەیـەی لەژێر چاودێری دایـە، کـەخـەون دەبـیـنـیـن بـەوەی بـایـەخـی پـێ



بدرێو جێی رێزی رای گشتی رۆژنـامـەوانـان بـبـێو دەسـتـورێـکـی راستەقینەبێ بۆ لەچوارچێوەنانی رەفتاری پیشەییان لەسەردەمی دیموکراتی.


### سەر چاوەکان:

- د.عەبدورەحمان بەدەوی ـ بیردۆزی ئاکارەکان
- د. زەکەریا ئیبراهیم ـ گرفتی فەلسەفە
- د. حەسەن مکاوی ـ ئاگارەکانی کاری راگەیاندن
- ول دوارنت ـ چیرۆکی فەلسەفە
- منی الحدیدی ـ رێساکانی راگەیاندن
- توفلر ـ وەرگەڕانی دەسەڵات
- محمد حەسەنێن هەیکەلی ـ رۆژنامەوانیو ڕامیاری
- د. ابراهیم داقواقی ـ یاسای راگەیاندن
- د. مارف ابو زید ـ رێکخراوەکانی رۆژنامەوان
- بڕوانامەکانی فیدراڵی نێودەوڵەتی رۆژنامەوان
- بڕوانامەکانی یەکێتی گشتی رۆژنامەوانانی عەرەب
- یاسای سەندیکای رۆژنامەوانی عێراقی
- راپۆرتی رێکخراوی ئەندکس
- بڕوانامەکانی رێکخراوی دەنگەکانی ئازادی کەنەدی
- بڕوانامەکانی رێکخراوەکانی یونسکۆ
- نەجاد برعی ـ بەبەرهەمهێنانەکانی ئایندە
- زهیر الجزائری ـ کارمەندانی راگەیاندنو پەراوێزخستن
- شێرکۆ حەبیب ـ راپۆرتێك لەسەر راستی رۆژنامەوانی لەکوردستاندا

**تێبینی: توێژینەوەکە کورتەیەکی تێروپڕی لێکۆڵینەوەیەکی توێژەرە لەژێر هەمان ناونیشان کە بریتییە لە (٣٠٠) لاپەڕە.**

**سەرچاوە: لەرۆژنامەی نیومانگی (الصحفی)،**
**ژ (١٩)ی ١/٦/٢٠٠٦ و ژ (٢٠)ی ١/٧/٢٠٠٦ وەرگیراوە**





# ناهیدەی محەمەدی
## دەنگێکی نوێی شیعری کوردی لەئیلامی (بوکی زاگرۆس)ەوە

ئەحمەد باوەڕ - کەلار

بەپێی ئەو چاپکراوە و بلاۆکراوە و گۆڤارە کوردییانـەی کـە لـە کوردستانی رۆژهەلاٚتەوە ناوبەناو دەردەچێت و بەشێکیانـیـش بـە تایبەتی لە پاش راپەڕینـی (١٩٩١)وە دەگـەنـە بـەشـی کـوردسـتـانـی باشوور ، تا رادەیەك ئەوە دڵخۆشکـەرە ئـەو ڕاوبـۆچـوونـەمـان لا گەلاڵە دەکەن ، کە بڵێن: بارودۆخ و رەوشی رووناکـبـیریـی کـوردی لە بەشی کوردستانی رۆژهەلاٚتدا بـە بـەراورد لـەگـەڵ بـەشـەکـانـی باکوور و رۆژئاوادا هـەنـگـاوێـکـی لـەبـارتـر و تـا رادەیـەك گـەرم و گوڕتری بەخۆوە بینیوە ، هەرچەندە ئەوانەش کە بلاٚودەکرێتەوە و دەگەنە خوێنەری ئەم دیو ، بە شێـوازێـکـی گـشـتـی جـۆرێـك لـە لاوازی و رۆحی و تەقلیدیەتیان بە زۆری تیادا بەرچاو دەکەوێت ، بەلاٚم هەرچۆنێك بێت ، ئومێدی ئەوەیان لێدەکرێت لە ئـایـنـدە و داهاتوودا هەنگاوی زیاتر بهاون و زیاتر شوێن و جێگای خۆیان لـە نێوەندی رووناکبیری و باری ئەدەبـیـاتـی کـوردیـدا بـکـەنـەوە ، لـە هەمان کـاتـدا ئـەگـەر سـەیـری ئـەو پـارچـە دابـڕاوەی کـوردسـتـان بکەین، دەبینین لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچـەیـەکـی تـر جـیـاوازە و